# گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا محمود سەبارەت بە پرۆسەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**ئۆکتۆبەر:چەند مانگێك بەسەر دەستپێکردنی پرۆسەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو دوو مانگیش بەسەر ڕاگەیاندنی لیژنەی ئامادەکار بۆ دامەزراندنی حزبی ناوبراو تێپەڕیووە. ئەکرێ پێمان بڵێیت پرۆسەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەکوێ گەیشتووە؟**

***عبدالله مەحمود:*** پرۆسەی دامەزراندنی حزب بە شێوەیەکی هەمە لایەنە درێژەی هەیە.

پێکهێنانی حزبێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەخالەتگەر کەبەواقعی وەسیلەو ئامرازی خەباتکارانەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بێت لەکۆمەڵگادا، و بەشێکی ڕێکخراو بێت لەو حزبە گەورە کۆمەڵایەتییەی لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کریکاران و لاوان و ژنان و خویندکاران و کۆروکۆمەڵە هەمەرەنگە جەماوەری و سیاسی و پیشەییانەی پانتایی کۆمەڵگای داگرتووە، کارێکی سادە نییە. کارێك نییە بە ئیرادەگەرێتی ئەنجام بدرێت.

پێکهێنانی هەموو حزبێکی سیاسی بەندە بەچەند پێش مەرجێکەوە، زامنکردنی ئەم پێشمەرجانە یان باشتر بڵێم مەلزوماتەکانی، پێویستی بە کاری چروپرو هەمەلایەنە هەیە.

ئێمە ئێستا لەلایەکەوە سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری شارو شارۆچکەکانین، کەپێویستە شۆڕببێتەوە بۆ گەرەکەکان و ناوەندە کرێکاری و خزمەتگوزارییەکان. لەو ڕاستایەشدا لیژنەی ئامادەکاری چەندین شار پێکهاتووە لەوانە هی کەرکوك و سلێمانی و لە دوو هەفتەی داهاتوودا هی شاری هەولێرو چەند شارو شارۆچکەیەکی تر پێکدین و ئامادەکاری بۆیان دەستی پێکردووە.

لەلایەکیترەوە کەم تازۆریك ئینسجام وهاورایی سیاسی پێکهاتووە سەرباری ئەوەی وەکو پێویست نییە، بەڵام لەپرۆسەی کاری عەمەلیدا خەریکە پەرەدەستێنێ.

کارکردن بۆ پێکهێنانی فۆنکسیۆنە مالیەکان و دامەزراندنی بونیەکی مالی سەرەتایی بۆ راییکردنی کارە سەرەتاییەکان و بناغەدانانی تۆکمە بۆی یەکێکی تر لەو کارانەیە کە پێوەی سەرقاڵین و هەر ئێستا پرۆژەی مالیمان بە سەرپەرشتی هەیئەی مالی دروست کردووە.

کردنەوەی نوسینگەکان لەشارە سەرەکیەکان و بەدواداچونی کاری یاسایی بۆ تەزمینکردنی هەڵسورانی قانوونی یەکێکیترە لە کارەکانمان کەدەستمان پێی کردووە.

مەسەلەی ساغکردنەوەی هێزی  چەپ و کۆمۆنیزم کە بەهۆی جۆراوجۆرەوە پەرش و بڵاوە یان باوەر بەخۆبونیان وەکو پێویست نییە، ئەرکیکی ترە کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین. و بەردەوامین.

ئامادەکردنی سەنەدە بناغەییەکان وەکو پلاتفۆرمی ساسییمان بۆ وەزعی سیاسی کوردستان لە چەشنی ستراتیژ، مافە سەرەتاییەکانی خەڵك، بەرنامە، سەنەدی دژی گەندەڵی و برسێتی و گرانی، سەنەد بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەریەکانی وەکو کرێکاران ولاوان و ژنان و....یەکێکیترە لەوکارانەو کۆمیسۆنی بۆ پێکهاتووەو کار بۆئامادەکردنیان دەکەن.

هاوکات جێگیرکردنی ڕابەرایەتیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگیرو بەرچاوروٚشن و خستنەگەری لانی زۆری توانایی ئەو ماتریالە کۆمۆنیستییە، بۆ بەشداری بەرجەستە لە پرۆسەی پێکهێنانی حزبدا یەکێکیترە لەوئەرکانەی لیژنەی ئامادەکار بە جدی کاری بۆکردووەو دەکات.

**بوونی بڵاوکراوەو دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر ... ئەو کارانەن کە دەستیان بۆ براوە، هەندێکیان سەرەتایین و هەندێکیان دامەزراون. بۆ تەواوکردنی کارەکانیش ماوەیەکی زەمەنی دیارکراومان دیاریکردووە کە کارە ناتەواوەکان تەواو بکەین، سەرئەنجام لەکۆنگرەیەکدا حزب ڕابگەیەنین.**
**بەکورتیەکی تائێرە هاتووین. بەڵام دەبێ بزانین ئەم کارانە کافی نین.**

**ئۆکتۆبەر: کاروهەنگاوەکانی دامەزراندنی حیزب چەندە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی ئێوەدا دێتەوە؟**

***عبدالله مەحمود:*** **ڕاستیەکەی ئێمە چاوەڕوانی ئەوە نەبووین کە پرۆسەی پێکهاتنی حزب تا ئێستا دریژە بکێشی، ئێمە ماوەیەکی زۆر کەمترمان بۆ پێکهێنانی حزب لەبەرچاوگرتبوو. بەڵام نابی بیرمان بچێت واقعیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئامادەییەکان بەوجۆرە نەبوون کە ئێمە پێشبینیمان کردبوو.**
**بەر لەهەموو شت ئامادەیی ڕابەری کۆمۆنیستی بزوتنەوەکەمان وەکو پێویست نەبوو، ئەم نائامادەییە کاریگەری لەسەر خوارەوەی هێزی چەپ و کۆمۆنیست بە ڕۆشنی دیار بوو، ئێستاش دیارە.**
**هەروەها هاوڕانەبوونی ڕابەرایەتی لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حزب، لەسەر پرۆسەکەی، لەسەر زۆر مەسەلەی سیاسی و تاکتیکی، لەسەر لێکدانەوەمان بۆ واقعی سیاسی و کومەڵایەتی کوردستان، لەسەر ڕوانینمان بۆ تەجروبەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، ...تاد، کە ئێستاش زۆریك لەو مەسەلانە ماون، کۆسپیکی جدیە کەدەبێ وەلایان بنێین.**

**ئۆکتۆبەر: دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەسەر چی وەستاوە؟ هەنگاوەکانی ئایندەو پێشمەرجەکانی پێکهاتنی ئەم حیزبە چی‌یە؟ یان بەزمانێکی تر دامەزراندنی ئەم حیزبە لەگرەوی چیدایە؟**

***عبدالله مەحمود:*** **پێکهاتنی هەموو حزبێکی سیاسی پێویستی بەچەندین هەنگاوی سیاسی و فکری و عەمەلی هەیە، ئەگەر کەسێك لەمن بپرسێ بڵێ هۆی چییە پێکهاتنی ئەم حزبە دواکەوت بەسادەیی دەتوانم بڵێم کە ئامادەییە سیاسی و فکری یەکان، لەوانە هاوڕایی سیاسی و فکری و لەوەش گرنگترو چارەنووسسازتر ئامادەیی عەمەلی لەسەر ئاستی ڕابەریدا کۆسپی یەکەمی دواکەوتنی پێکهاتنی حزب بووە.**

**بائەمە زیاتر ڕۆشن بکەمەوە، هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، تەسویری جۆراوجۆر بۆ چۆنیەتی پێکهینانی حزب هەبوو. بۆنموونە تەسویرێك هەبوو کە دەیووت دەبێ فەوری حزب پێکبێت و نابێ فرسەت لەدەست بدرێت و ئەم فەزایە پاش چەند مانگی تر نامێنی و ئەگەر حزب لەماوەی چەند مانگیکدا پێکنەیەت ئەوا کۆمۆنیزمی کرێکاری شکست ئەخوات (زیاتر لەشەش مانگ بەسەر ئەم بانگەشەیەدا تێپەریوە، ئێستاش ئەمە بۆچونیەتی، کۆمۆنیزمیش شکستی نەخواردووە). ئەم تەسویرە ڕوانینی بۆ پێکهێنانی حزب ئاکسیۆنی و کەمپەینییە، مامەڵەی ئاکسیۆنی ئایار یان مەراسیمی 8مارس و کەمپەینی لەگەڵ پێکهاتنی حزب دەکات. دروشم و بانگەشەکانی گەورەن، سوسیالیزم، ئەنتەرناسیونالیزم، شۆرش.... چی چی وێردی سەر زمانیەتی، بێئەوەی نەخشەو سیاسەتی ڕۆشنی بۆ پێشرەوی هەبێت، بێئەوەی جایگای بزوتنەوەکان بناسێت و ئاستی خەباتی چینی کرێکارو ئاستی ڕێکخراوبوون و ئاستی ئاسۆی فکری و سیاسی زاڵ بەسەرکۆمەڵگادا، بناسێت و تاکتیك و پلاتفۆرمی ڕۆشن بەپێویست بزانێت، هەڵگرانی ئەم ڕوانینە زۆرتر مامەڵەی ریازیات و جەبر لەگەڵ عالەمی سیاسەت و کۆمۆنیزمی مارکس دەکەن. ئینفیعالین و هەر هاشو هوشێکی کاتی پەلکێشی دوای خۆیان ئەکات....تاد.**

ئەم ڕوانینە نەیدەویست و ئێستاش نایەوێ حزبێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەخالەتگەری کۆمۆنیستی پێکبێنێت و زۆرتر لەگەڵ ڕاگەیاندنی حزبێکە کە لەباشترین حالەتدا حزبی بەر لە 2000/7/14 ە. و ماتریالەکەیشی هەمان ماتریالی حزبی و پێشووە و لەڕاستیدا باوەڕی بەوە نییە کەس لەدەرەوەی خۆی کۆمۆنیست و تەنانەت مەدەنیش بێت. بێئەندازە سکتاریستە و لەعالەمی واقعیدا بە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی نامۆیە. ئەمە لە سیاسەت و هەڵوێستگیریەکانی، لە ووتارو ڕاگەیاندنەکانی، لەمامەڵەی ناوخۆی، لە ڕوانینی بۆ تەشکیلات و ڕیکخراوەی جەماوەری، لە پەیوەند بەتاکتیك و کاری یاسایی و......... ڕەنگ ئەداتەوە.

روانینیکیتر بۆ پێکهێنانی حزب، پێکهێنانی حزبێکی داماڵراو لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کریکاری بوو. ئەم ڕوانینە حزبێکی دەویست و دەوێت کەڕێگای دیبلۆماسیەتو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ ئەحزابی حاکم بە ڕێگایەك دەزانێت بۆ گەورەبوون، خوازیاری شلکردنەوەی سیاسەتە، خوازیاری وازهێنانە لەستراتیژی کۆمۆنیستی، خوازیاری شێوە ڕاگەیاندنێکی ماکیافیلییە، و پێداگری لەسەر هەڵوێستگیری و نەخشە و سیاسەتی ڕادیکاڵ و ڕۆشن و بێپێچ وپەنا بەتوندڕەوی مەزەندە دەکات، لای وایە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆتە قوربانی ئەم توندڕەوەیە!!. دیارە ئەم ڕوانینە لەژێر گوشاری پروپاگەندەی ئەحزابی حاکم و بزوتنەوە بورژوازیەکاندایە، بێئەوەی زۆر بەسەراحەت ڕایبگەیەنێ تەنانەت خوازیاری گۆرینی ناوی حزب و پاشەکشەی هەویەتی کۆمۆنیستییە. هەڵگرانی ئەم ڕوانینەش ئینسیجامی پێویستیان نییە، خامن و ئەمانەش وەکو هەڵگرانی ڕوانینی یەکەم خوازیاری فەوری پێکهێنانی حزبن، ئەم حزبەی ئەمان ئەیانەوێت حزبی هەموو بزوتنەوەکانە، هی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبێت.

تەسویرێکی تر بۆ حزب پێکهینان ئەوەیە کە خوازیاری پێکهێنانی حزبە نەك ڕاگەیاندنی حزب، خوازیاری ئەوەیە لانی کەمی مستەلزەماتی سیاسی و فکری و عەمەلی و و هاوڕایی سیاسی و تەزمینی ڕابەرییەکی جێگیر و دەخالەتگەرو بەرچاوڕۆشن بکات، و حزبێکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی پێکبهێنێت وبەکردەوە شێوە هەڵسوران و و پراکتیك و نەخشەی پێشرەوی ئەو هەنگاوانەی لە ڕاستای گەیشتن بە ستراتیژدا پێویستن بناسێت.

ئەو ڕوانینە ڕەخنەی مەنسورحکمەت، کە دوای 2000/7/14 ئاراستەی ڕابەری حزبیکردووە، بۆبناغە داڕشتنەوەی حزب وهەڵسوڕانێکی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیستی، نەك بە لەفز، نە بەئەخلاقیگەری و نیەت، بەڵکە بەکردەوە قبوڵکردووە، من لاموایە هەڵگرانی ئەم ڕوانینە چ لەحزبی عیراق و چ لە پرۆسەی پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستاندا، زۆرکەمەو لە ئینسجامی پێویستیش بەهرەمەند نین هاوکات تەمەرکوزیان لە شوێنێك نییە.

ئەم دیدگایە، سەرباری نائینسجامی، دیدگایەکە کە بەواقعی دەیەوێت حزب دروست بکات، نایەوێت کۆمۆنیزم بەوێنەی گروپی فشار بەدەستەوە بگرێت، لە جێگایدا حزب و وەکو وەسیلەو کۆمۆنیزمیش وەکو ئەلتەرناتیف و ماشێنی بەدییهێنانی ئاڵوگۆری بنەرەتی لە کۆمەڵگاو ژیانی خەڵکدا، بە ئامانجی خۆی دەزانێت. بۆئەمە بەجیا لەبەرنامە کەهەیەتی بەدوای ستراتیجی ڕۆشن و تەرحی واقعی و زەمینیدایە بۆ کۆمەڵگا. بۆ جێبەجێکردن و دەست راگەیشتنیشی بەم ستراتیژو بەرنامەیە پێویستە بزانێت چۆن هەنگاو دەنێت هەروەکو مەنسور حکمەت دەلێت".... دەبێ کۆمۆنیستەکان ئەوە بڵێن کە چ تەرحیکیان بۆ کۆمەڵگا هەیەو بەکام قۆناغ و بەکام هەنگاو بڕیارە پێی بگەن...."* بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری بتوانێت حزبی خۆی دروست بکات بەر لەهەموو شت پێویستی بەئامادەیی هاورێیانێکە کە نەخشی ڕابەری کۆمەڵگا لەخۆیان نیشانبدەن و لەوەش واوەتر بەقەولی مەنسورحکمەت "... دەبێ ئەم ڕابەرانە هەڵگری ئاسۆی هاوبەش و سەربەیەك جوڵانەوەی فکری و سیاسی بن....

پێویستە بەرهەمی ڕەخنەگرتنێکی دیاریکراو لە چواچێوە فکری و عەمەلییە کۆنەکان بن...."** ڕاستیەکەی ئەوەیە تا ئێستا ئەمە لاوازە و ئەم ئامادەییە پێکنەهاتووە بۆیە حزب پێکنەهاتووەو دواکەوتووە.

مەلزوماتی پیکهاتنی حزب یان پێشمەرجی پێکهاتنی بریتییە لە ئامادەیی هاوڕێیانێك کەلانی کەمی ئینسجامی سیاسی و فکرییان هەیە، هەڵگری ئاسۆو ستراتیجێکی ڕۆشنن و قۆناغەکانی گەشەو پێشرەوی میکانیزمەکانی دەناسن. تێروانینێکی ڕۆشنیان بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگا و ڕەوتی ڕوداو ئاڵۆگۆڕەکانی و جێگاوڕێگای بزوتنەوە کۆمەلآیەتیەکان هەیە، وە دەزانن کێشە گرێیەکانی کۆمەڵگا کامانەن و بەوەلآم بەچ گرفتێك و مەسەلەیەکەوە دەچنە مەیدانی کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەلآیەتیەوە.

**ئۆکتۆبەر:** بەمجۆرەی باسی دەکەیت هۆی دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حیزب ئەوەیە، کە چەند بۆچوون و خەتێکی سیاسی جیاواز لەم پرۆسەیەدا بەشدارن و هەریەکەیان بۆچوون و ئاسۆو ستراتیجی خۆیان هەیە بۆ پێکهێنانی حیزب. کەوایە ئەو ئینسیجامەی باسی دەکەیت و بەلاتەوە پێویستە چۆن بەدەست دێت؟ ئەم پرۆسەی ئینسجام پێدانە تاکەی ئەخایەنێت؟

**عبدالله مەحمود:** بێگومان یەکێك لەهۆکارە بناغەییەکانی دواکەوتنی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، بوونی بۆچوون و خەتی سیاسی جیاوازو تەسەواتی جیاوازە بۆ چونیەتی پێکهاتنی حزب. هەرکام لەو خەت و تەسەوراتە جیاوازانە ئەیانەوێ حزب بەوجۆرە پێکبهێنن کە خۆیان بڕوایان پێیەتی، بێگومان ئەمە کێشە دروست دەکات، بەر یەککەوتن پێکدەهێنی، بۆساغبونەوە لەسەر سەنەدیك یان هەنگاوێکی عەمەلی تەنانەت ئیجرائێکی ڕێکخراوەیی، پێویستی بەهێنان و بردنێکی زۆر دەبێت، ئەمەش کارمان دوائەخات.

لەوەش واوەتر بریارە ئێمە حزبی سیاسی کۆمەلایەتی و کۆمۆنیستی یەکپارچەو بەدیسپلینی خوازیاری دەسەلآت پێکبهێنین، کەنەك هەر لەکوردستان بەڵکە لە عێراق و ناوچەکەدا سیماو خەسڵەتەکانی بەڕۆشنی دیار بێ، لە شێوەی پێکهێنانەکەیەوە تاجۆری ڕاگەیاندنەکەی تا ڕێگاکانی ناساندنی، تا قیافەی دەخالەتگەریە کۆمەلآیەتیەکەی، نوێنەرەوەی ڕادیکالیزمی کۆمەڵگاو حزبی شوڕشی کۆمەلآیەتی بێت. بێگومان بەبێ ئینسجام لەسەر ئەمە یان بۆ ئەم ئامانجە باسی پێکهێنانی حزب دەبێت بەکاریکاتۆرێك و هیچیتر. واقعیەت ئەوەیە ئەم ئامانجە هاوبەش وکۆمۆنیستییە و ئەو هەنگاوانە بۆ ئامانجە کۆمۆنیستیەکانی لەگەڵ دژایەتی بەرەو ڕووە.ئەمە مەسەلەیەکی سادەنییە. بونی ئنسیجام لەسەر ئامانجە کۆمۆنیستیەکان، و بوونی ئینسجام بۆ پیکهنانی حزبێکی کۆمۆنیستی ئاوا، حەیاتییە.

دیارەمەبەست لەئینسجام واتایەکی ڕایازیاتی نییە، و مەبەست ئەوە نییە کە دەبێ هەموو ئەو هاوڕیانەی ئەم حزبە پێکدەهێنن لەسەر هەموو شتێك وەکو یەك بیربکەنەوە، یان لەپێشدا بڕابێتنەوە لەسەر هەموو مەسەلەکانی، هەرگیزیش شتی وا ڕونادات مەگەر فرقەیەك کە شێوە ژیانی ئەشکەوتیان هەبێت.

بەڵکە مەبەست ئەوەیە کە لانی کەمی ئینسجام لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی حزب و ئامانجە سەراسەری و سیاسەتە گشتیەکان هەبێت، هاوکات ڕابەرایەتیەکی سیاسی و یەکگرتوو جێگیر، تەزمین بکرێت. حزب بەبێ ئەمانە پێکنایەت، من لام وایە تائێستا ئەمە فەراهەم نەبووە.

ئەوە کە ئەم ئینسیجامە کەی پێکدێت و چۆن پێکدێت، لەگرەوەی ئەوەدایە، کە یەکەم: هاوڕییانێك هەرچەندە کەمیش بن ئامادەیی بەکردەوە بۆ ڕۆڵ بینین بەوێنەی ڕابەری کۆمەڵگا لەخۆیان نیشان بدەن، دووەم: ئەم جەمعە کە ئەم ئامادەییە لەخۆیان نیشان ئەدەن بە قەولی مەنسوری حکمەت پێویستە هەڵگری ئاسۆیەکی هاوبەش وە سەر بەیەك جولآنەوەی فکری و سیاسی بن. وە سێیەم: بەرهەمی ڕەخنەگرتنێکی کۆمۆنیستی و مارکسیسیتی هاوبەش لەچواچێوەی فکری و عەمەلیە کۆنەکان و لەتەجروبەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بن.

بەداخەوە من لامواپە سەرباری هەوڵی ماندونەناسانەی چەند هاوڕێیەك، بەلآم تائێستا ئەمە وەکو پێویست تەزمین نەبووە، وە خۆنواندنێکی ئاوا لە ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا یان هەتا لەدەرەوەیدا وەکو پێویست نییە، یان باشتر بڵێم ماتریالی کاف نییە، پەڕینەوە لە تەجروبەی یان لەخاڵە لاوازەکانی حزبی

کۆمۆنیستی کریکاری عێراق وەکو پێویست وە بەکردەوە ڕووینەداوە. تائێستاش متمانەم هەیە و متمانەم نییە، تائێستاش سونەتی دەست و پاگیری کۆن، تائێستاش کاری فەردی و دەخالەتی شەخسی، تائێستاش پشتبەست بەزۆرێك لە سونەت و میکانیزمی نەشیاوی ڕەخنەلێگیراوی کۆن، بەکردەوە هەن. وەلانانی ئەمانە ئێمە و کۆمۆنیستەکان بانگەواز ئەکات، بۆ بینینی نەخشی ڕابەری کۆمەڵگا.

بەدیهاتنی ئەمانە بەرلەهەموو شت پێویستی بەوەیە ئەم هاورێیانەی دەیانەوێ حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و کۆمەڵایەتی و پراکتیکی پێکبهێنن لەگرەوەی ئەوەدایە کە ڕەخنەی هاوبەشی خۆیان لەو تەسوراتانە بدەن کە دەیانەوێ حزبی داماڵراو لەکۆمۆنیزم و بە ناوی کۆمۆنیزمەوە دروست بکەن.

دابرانی تەواو لەتەسەوراتی چەپی پێ لەهەوا وتەسەوراتی چەپی ناسیونالیست لەئاستی ڕابەریدا، یەکێکە لەپێشمەرجەکانی پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی و مارکسیستی. پێکهێنانی حزب لەهەموو ئەم تەسەورانە لەئاستی ڕابەریدا و کۆکردنەوەیان لە چواچێوەی حزبێکدا، بێئەندازە زیانبارەو کاتمان بەفیرۆ ئەدات دەستو پاگیرە.

هاورایی پێویست و سەرەتایی لەسەر پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی پراکتیکی و کۆمەڵایەتی، هاوڕایی لەسەر هەویەتی کۆمۆنیستی، لەسەر ئامانجە گشتیە کۆمۆنیستیەکان، لەسەر سیاسەتە سەراسەری و بناغەییەکان، لەسەر ناسینی واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگاو گرفتە بناغەیەکانی ...... زامنی ئەم ئینسجامەن.

پێکهێنانی ئینسجامێکی ئاوا پێویستی بە سەبری ئەیوب نییە، بەڵکە پێویستی بەدەستپێکردن، بەپراکیتیك و لەدەوری یەکبوون هەیە. پێویستی بە خۆنیشاندانی ئەم ڕابەرییە لەئاستی کۆمەڵگادا هەیە، پێویستی بە جێگیر بوون و تەمەرکوز هەیە، تاد........

ئەمە دەستی پێکردووە بەلام کافی نییە، دەبێ لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا بەجێی خۆی بگەیەنین.

**ئۆکتۆبەر: لەو قسەوباس‌و گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەڵسووڕاوانی پرۆسەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا لەدەزگا ئیعلامیە جۆراوجۆرەکاندا سازدراوە زۆرجار مەقولاتی "حیزبی پێشوو"و "حزبی تازە" بەکاردەبەن، ئەم مەقولانە چ جێگایەکیان لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزبدا هەیە؟**

***عبدالله مەحمود:*** لە پشت هەرکام لەم مەقۆلانەوە تەسەوراتی سیاسی وەستاوە، تەسوراتی بۆ پێکهێنانی حزب جۆراوجۆرن. هەڵگرانی تەسوراتەکانیش ئەم مقۆلانە بەشێوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن.

"حزبی پێشوو" ویان "حزبی تازە" ئەم دوعیبارەتەن زۆرتر لەلایەن هەڵگرانی ئەو تەسەوەرە بەکاردەهێنرێن کە ڕەخنەیەکی سەتحیان لە تەجروبەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەیە و پێیانوایە کێشەی بناغەیی ئەم حزبە ئەوەبوو کە زمانی تەبلیغاتی زبر، تێنەگەیشتن لە تاکتیك، مامەڵەی نادروست لەگەڵ ریکخراوە جەماوەریەکان، هەڵوێستگیری و سیاسەتی توندڕەوانە، هەڵنەکردن لەگەڵ ئەحزابی قەومی و ... فام نەکردنی هەلومەرج و تەوازن قوا... هۆکارێك بوون بۆ سەرنەکەوتنی حزب و کەوتنە بەردەم هێرشی چەکدارانە. وە بەکاردەهێنرێن لەلایەك بۆ ناشیرین نیشاندانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و لەلایەکی تریشەوە بۆنیشاندانی دابرانیان لە سیماو ستراتیجیەت و هەویەتی کۆمۆنیستی.

هەڵگرانی ئەم عیبارەتانە دەیانەوێ، حزبێك پێکبهێنن کە ئەمجارە" حزبی پێشوو"!! نەبێت و "حزبی تازە"!! بێت، تازە بەومانایەی بانگەشەکانی کەم بکاتەوە، زمانی تەبلیغاتی بۆهەمووان هەنگوینی بێت، گرنگی زۆر تاییەت بە دیبلۆماسیەت بدات، کێشمەکێشی سیاسی و ململانێ لەگەڵ ئەحزاب و بزوتنەوەکانی بەجۆریکیتر بکات و بتوانێ تەمەنی درێژی لەپاڵ ئەحزابی تردا بخاتە سەر یەك، میلتانتبوون وازلێ بهێنی و لەدژی تەیاری

زاڵی کۆمەڵگا محتەرەمانە بجوڵێتەوە و ڕەخنەی ڕیشەیی لەهەلومەرجی مەوجود"ئەگەر هەیبێت" لەکاتی گونجاودا دەربېڕێت و مەکزیمالیست نەبێت و......تاد.

ئەم تەسویرە رەخنەی مارکسیسیتی مەنسورحیکمەتی لەحزب کە دوای 14-7-2007 ئاراستەی ڕابەری حزبی کردووە، بەهەند ناگرێت و بەکردەوە قبوڵی نەکردووە، بۆیە نەك پێی وانییە ئەم تەجروبەیە و سەرنەکەوتنی هۆکەی ئەوە بووە کە هەموو ڕۆژە هەڵمەتبەر لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەبووە، بۆیە کەوتۆتە بەردەم هەڵمەتی دەسەڵاتی میلیشیایی. هۆکەی بەوە نازانێت کە نەخشە و بەرنامەی پێشرەوی ...نەبووە، بەڵکە بە پێچەوانەوە پێیوایە ئەم حزبە ئاگرینی مامەڵەی کردووە و بۆیە سەرکەوتوو نەبووە. بۆیە ئێستا ئەیانەوێ حزبێك دروست بکەن کە تازە بێت و ئەمجارە وەکو ئاو نەرم و شل و ڕەنگ و بۆن و تامی نەبێت.

دیارە من لەیەکەم ووتارمدا سەبارەت بە پێداویستی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان، باسی ئەوەم کردووە کە دەبێ حزبێکی تازە پێکبهێنین. بەڵام لە ڕوانگەی منەوە باسی حیزبی تازە، باسی گۆرینی سیمای سیاسی و ئایدۆلۆژی حیزب، باسی گۆرینی بیروباوەرمان و ستراتیجمان نییە. بەڵکە باسی ئەوەیە کە بۆچی ئەم سیما سیاسییە، بۆچی ئەم ستراتیجە، بۆچی ئەو ئەولەویات و نەخشانەی بەوجۆرە کە بۆخۆمانمان دانابوو، وە حزبمان بۆی پێکهێنابوو سەرباری مەترەح بوونی و ناسیاوبوونی زۆریك لە سیماو خەسلەتەکانی، وە پێشوازیەکی بەرچاو کە لەحزب کرا، سەرئەنجام حزب نەیتوانی بە شوێنێکی چاوەڕوانکراو بگات؟ بۆ نەتوانرا ئەو نەخشەو هەنگاوانە بنێت کەخستبویە بەردەمی خۆی و سەرئەنجام ڕەوتێکی پاشەوپاشگەڕانەوەی دەستیپێکرد؟

گەڕان بەدوای ئەو کەمکاریانەدا کە بوونە کۆسپی بەردەم حزب و ئەو پاشەوپاش گەڕانەوەیە، خۆی یەکێکە لەو سیمایانەی کە حزبی کۆمۆنیستی کوردستان پیویستە پێی بناسرێتەوە. حزبی تازە یانی ئەو حزبەی کە بەتەواوی لەوسونەت و شێوەکارو ڕەوشتانە دابراوە کە کۆسپی بەردەم گەورەبوونی حزب و ڕیشە داکوتانی بوو.

*یاداشتی مەنسور حکمەت کە 7 سیبتەمبەری 2000، بۆ رابەری حککعی ناردووە.

** هەمان سەرچاوەی پێشوو.

<u>تیبینی</u>

_ئەم چاوپیکەوتنە بۆ بلاوکراوەی ئۆکتۆبری ژمارە 171 ئامادەکراوە.